# بیرەوەریی رۆژانی حەماسە و فیداکاریی پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

**بەشی یەکەم:**

**کەریم فەیزیان**

خوێنەرانی هێژا و خۆشەویستم!

گێڕانەوەی بەسەرهات و نووسینەوەی بیرەوەرییەکان، بۆ زۆر مەبەست و هۆ دەکرێ سەرنج بدرێن. زۆرێك لەوانەی کە باس و بەسەرهات و بیرەوەرییان نوسیوەتەوە، ئامانجیان زۆرتر ئەوە بووە کە بۆ خۆیان چۆنیان هەڵس و کەوت کردوە و چیان کردووە و چۆن ژیاون و چ جۆرە بەرگێکیان لەبەر کردووە و چەندە زانا بوون و چۆن پلەکانی ژیانیان بڕیوە، بەڵام بەشێکی زۆر لەوانەش باسی گشتیان کردوە و چۆنیەتی ژیان و هەڵس و کەوتی تێکراییان لەبەر چاوان ڕاناوە و بە بێ لەبەرچاو گرتنی هیچ چەشنە مەسڵەحەتێکی تایبەتی فەردی، چی راستە و دوورە لە پێهەڵداگوتنی ریاکارانە و نان پێوەخواردن، تەنیا و تەنیا لەپێناو راستی و بزر نەبوونی رووداوەکان و بۆ ئەزموون وەرگرتن لێیان، نوسیویانە و خستوویانەتە بەر دیدەی خوێنەران. ئەوەی کە من دەمهەوێت لەم بیرەوەرییانا باسیان بکەم، باسی ژیان و بەسەرهات و خۆهەڵکێشانی خۆم نییە کە چیم کردەوە و چۆن ژیاوم، بەڵکو باسی دەرد و رەنج وقارەمانەتی و فیداکاری و شەوڕەوی و برسیەتی و رەنج و خەباتی، کەسانێکە کە لەسەنگەر و ڕێبازی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانەوە، لەپێناو سەربەستی گەل و رزگاری نەتەوە و نیشتماندا، خەباتیان کردووە و لەو پێناوەدا ئامادەی هەر چەشنە فیداکاری و لەخۆبوردووییێك بوون. باسی ئەو حەماسە و کۆڵنەدانانەیە کە رۆڵەی کوردی خەباتی، لەهەر هەل و مەرجێك دا بەو پەڕی لەخۆبوردوییەوە ئامادەی ئەرك و ڕاسپاردەکانی خۆی بووە.

ئەوەی من بۆ ئەو باسە هەڵمبژاردوە و بە تەمام لەچەند بەش دا بیخەمە روو، باس و بەسەرهاتی یەکێك لەو هەزاران جەولە و فیداکاریانەیە کە شێرەکورانی خەباتی خوێناوی، لەحەستەمترین هەل و مەرج و خەتەرترین کات و شوێن دا بەرێیانەوە بردوە. هەمووومان باش دەزانین کە لەڕەوتی کارو و تێکۆشانی هەر حیزب و رێکخراو و دامەزراوەیێکە سیاسی دا، گەلێك روداوی خۆش و ناخۆش هەن کە جێگای سەرنجن و هەر ئەو روداوانەن کە دەبنە هێما و هەوێن و هێز و تین بۆ ئەوەی کە ئیرادەمان پتەوتر و ورە و توانامان بەرزتر بێ و لەسەر داوا ڕەواکانمان سوورتربین. لێرەدا داستانی جەولەیێکی سیاسی ـ نیزامی و حەماسە و قارەمانەتی، پێشمەرگەی سازمانی خەباتتان بۆ باس دەکەم. باسی ئەو شەهامەت و خۆڕاگریەی کە هێزی پێشمەرگەی خەبات بویانە و کردویانە لەمێژووی گەلەکەماندا کەم وێنە بووە. کەم بەکەرەستە و ئامرازی سەرەتاییەوە، کارامەیی و ئەزموونی بە ماوە زەمانێکی کەمەوە، لەهەمبەر هێزێکی هار و تەیار، ئەگەر باوەر بەخۆبوون و ڕەوایی رێباز و باوەڕ نەبێ، ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە گشتی و هێزی پێشمەرگەی خەبات بەتایبەتی، کردوویەتی و دەیکا و تێیدا سەربەرز و سەرکەوتوو دێتە دەر، چۆن باوەڕ دەکرێ!. مەبەست لەگێرانەوەی ئەو بیرەوەرییە، راگرتنی یادی شەهیدە سەروەرەکانمان و ڕانان و نیشاندانی رەنج و تێکۆشانی تێکۆشەران و دڵسۆزانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانە. بۆ ئەوەیە کە گێڕانەوەی ئەو بەسەر هات و بیرەوەرییانە، ببنە ڕێگا خۆشکەرێك بۆ زانیاری دان بە نەوەی نوێ. چونکە ئەوەی لێرەدا باس دەکرێ ئەوەیە کە بەراستی و بە دروستی و بە بێ هیچ چەشنە چاوەڕوانییێك ، پێشمەرگەی سازمانی خەبات کردوویانە و بەسەریان هاتووە، راستە و هیچ حیکایەت و هەڵبەستراو نییە. زۆری تر کراوە و لەبیر نەماوە. با ئەو باس و بەسەرهاتە وەك بەشێکی کەم لەرەنج و کوێرەوەری و لەهەمان کاتدا پڕ لەشەرەف و شانازی خەباتیەکان، وەك یادگار بۆ مێژوو وەمێنێ و خوازیارانی زانینی راستیەکانی رابردوو لەمبارەوە جارجار چاوێکی پێدابخشێنن و بەهرەیێکی لێهەڵکرێنن! پێش ئەوەی کە بێمە سەر ئەسڵی بابەتەکە پێم باشە بە ئازیزانی خوێنەر بڵێم. گەرچی سازمانەکەمان، سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەداخێکی گرانەوە لەجەولەدا خەسارێکی یەکجار گەورە و بەرچاوی لێکەوت، وەك شەهید بوونی فەرماندەی قارەمان و پارتیزانی لێزان و کارامە، کاك سەیید عەبدولکەریمی حوسێنی و چەندین کادری بەرجەستە و پێشمەرگەی قارەمان و دڵسۆز و بەوەفا بریندار بوون و سەرئەنجام کەم ئەندام بوونی چەند پێشمەرگەی تر، بەڵام بە گشتی جەولەیێکی بەکەڵك و بەرچاو بوو هەم لەباری سیاسی و هەم لەباری نیزامی و کۆمەڵایەتیەوە، لەوکات و هەل و مەرجە کە داگیرکەرانی نیشتمان پێیان وابوو کە سازمانی خەبات بەوەی کە لەسنوور تێپەریوە، ئیتر تەواو بووە و کەسی نەماوە. بە تایبەت کە هەر لەو سەروبەندەشدا سازمان لە قۆناغێکی یەکجار حەساس و پڕ لەکەندوکۆسپدا تێدەپەڕی و تازە دەستەیێك کادر و پێشمەرگەی، لێ بەلارێدا رۆیشتبوون و لێی جیاببوونەوە و لەلایەکی تریشەوە حکوومەتی ئەو کاتی عێراق ببووە کۆسپی سەرەکی و رێگای نەدەدا کە پێشمەرگە لەسنوورەکانەوە بچنەوە رۆژهەڵاتی کوردستان. سەرباری ئەو کەندوکۆسپانەش ، شەری ماڵوێرانکەر و براکوژی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات، کە بۆ خۆی گەورەترین و بەرچاوترین کێشە بوو، هەمووی ئەمانە ببوونە کۆسپ بۆ خەبات و بەرخودانی رۆڵەکانی کوردستان لەلایەك و ببووە هۆی زیاتر هەوسارپچراویی و سەرەوڕۆیی رژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی. بەڵام داگیرکەران لەو بێخەبەرن کە ئەگەر خەباتکار و پێشمەرگە بۆ ماوەیێکیش بە شێوەی کاتی لەناوچە و ناو جەماوەر دوور کەوێتەوە ، نافەوتێ و پێوەندی ناپچرێ و لەهەر کات و زەمانێك دا کە بیهەوێت خۆی رێکدەخاتەوە و سەنگەری پیرۆزی شەهیدانی چۆڵ ناکات.

داستانی جەولەیێکی نزیك بە سێ مانگی لەناوجەرگەی دژمندا لە کوردستانێکی تەواو ملیتاریزەکراودا، لەگوندی ریشوانی پشدەری باشووری کوردستان دەستی پێکرد کە ئەودەم بنکەی هێزی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەوێ بوو. رۆژی ٢٧ی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی کۆچی خۆری ، لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی، دوو دەستە لە پێشمەرگەکانی هەر دوو مەڵبەندی ، یەك و سێی سازمانی خەبات لەگەڵ هێزێکی تایبەت، بە فەرماندەیی شەهید کاك سەیید عەبدولکەریم کە بە مەبەستی جەولەیێکی سیاسی نیزامی بۆ ناو قولایی رۆژهەڵاتی کوردستان ، لەباشووری کوردستانەوە خۆمان ئامادە کرد. پێش بەرێ بوونمان لە ساعەت ١٠ی بەیانی دا، لەریشوان، بە بەشداری چەند کەس لەهەڤاڵانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی لەسەرویانەوە جەنابی مامۆستا سەیید جەلال حوسێنی، کۆبوونەوەیێك کرا و دوای قسەوباسێکی زۆر لەسەر هەل و مەرجی ئێران و نێوخۆی کوردستان، رێزدار مامۆستا، ئامۆژگاری زۆر بە نرخی پێشمەرگەکانی کرد و دوایە بە خوێندنی سروودی سازمان ، کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هێندرا. لەساعەت ١ی پاش نێوەرۆی هەمان رۆژدا دەستەدەستە ریشوانمان بە جێ هێشت و بەرەو سوونێ و لەوێشەوە بەهەوراز و نشێوی بناری قەندیلی سەربەرز، ملی رێگامان گرت. پێشمەرگە زۆر سەرودڵخۆش بوون، تامەزرۆیی ئەوەیان بوو کە هەرچی زووتر بگەنەوە ناو باوەشی خەڵکی دڵسۆز و شۆڕشگێری ناوچەکان. دوای رێپێوانێکی زۆر شەو درەنگانێك گەیشتینە تاوڵ و دەوارەکانی مێرگە چەکۆ و هێندێك تاوڵی دیکە کە لەناوچەی خانێ وە بۆ هەوار و مەڕداری هاتبوونە بناری قەندیل. هەر چەند ئەو تاوڵ و دەوارانە زەحمەتی زۆری پێشمەرگەی رۆژهەڵات و باشووی کوردستانیان بەسەرەوە بوو، لەسەر هەمووی ئەو زەحمەتانەش ڕا بەراستی پێشوازیێکی شایانیان لێکردین و رێزی زۆریان لێگرتین. ئەو شەوەمان بەقسە و باس لەسەر وەزعی کوردستان و سیاسەت و شێوەی تێکۆشانی سازمانی خەبات و خەبەر و باسی ناوچە و ناوەوەی کوردستان و سیاسەت و شێوەی تێکۆشانی سازمانی خەبات و خەبەر و باسی ناوچە و ناوەوەی کوردستان و هەڵس و کەوتی کاربەدەستانی رژیم لەهەمبەر خەڵك، بردە یەر. رۆژی دوایی ئەو خەڵکە دڵسۆز و ڕەشماڵ نشینانەمان بە جێ هێشت و بۆ نزیك بوونەوە لەجادەی سەردەشت خانێ، بەداوێنی قەندیل دا شۆڕ بوینەوە. کە شنەبای کوێستانی قەندیل لەسەرو و رووی پێشمەرگەی ئەدا و بەچاوپێکەوتنی جەماوەری خۆڕاگر و شۆڕشگێر، چاو و مێشك و دڵیان زاخاو دەدرا. با لێرەدا ئەوەتان پێ بڵێم کە مەسیری جەولەکامان، ناوچەی بەینی سەردەشت و پیرانشار (خانێ) بوو، ئێمەش پێشمەرگەکان بە زۆری خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستان بووین، تەنیا چەند کەس خەڵکی ناوچەی سەردەشت و خانێ مان لەگەڵ بوون کە ئەوانیش شارەزای ئەو شوێنانە نەبوون و پێشتر بۆ ئەو ناوچەیە نەهاتبوون. دەکرێ بڵێم بە بێ چاوساغ و شارەزایێك بەو ناوچەدا هاتین. دیارە بۆ هێزی پێشمەرگە ناوچەکان هەموویان هەر یەکن، بەڵام شوێن و ناوچە و جێگایێك کە کەمتر تێیدا گەڕابی، بەتایبەت کە ماوەیێکیش لێی دوور بووی ، جەولەکردن تێیدا زەحمەتێکی زیاتری دەوێت!. ماوەی دوو رۆژان لەو بنارە ماینەو، دوایە بۆ پڕینەوە لەچۆمی کەلوێ و دۆزینەوەی بوارێکی باش بۆ پەڕینەوە، دەستەیێك لەپێشمەرگەکان چوونە سەرجادەی سەردەشت بۆ خانێ و دوای ڕاگرتن و پشکنینی چەند ماشین و قسەکردن لەگەڵ سەرنشینەکانیان، هەر لەوێوە تەماسمان لەگەڵ باقی هێزەکانمان گرت کە سەررێکەون و بێنەخوار بۆ ئەوەی کە بتوانن لەچەم وەپەڕێن. بەداخەوە تا ئەوان هاتن هەر تاریك بوو، لەچۆمەکە نزیك بووینەوە، چۆمی چی؟ لەو بێدەنگییەی شەو دا وەك عەزایێك لرفە و هاژەی دەهات. کێ بێ و بوێرێ کە خۆی لەگەرووی ئەو ئەژدیهایە هاوێژێ!؟. بەڕاستی شتێکی زۆر ناخۆش و ترسناك بوو، بۆ بێ شانسیش ئێمە لەدرێژایی ئەو چۆمە دا چونکە ناشارەزا بووین، شوێنێکی خورمان بۆ پەڕینەوە رچاو کردبوو. ئەوەی کە لەهەمووی ناخۆشتر بوو، ئەوە بوو کە زۆربەی پێشمەرگەکان مەلەیان نەدەزانی و ئەوەی کە مەلەوانیێکی باش بوو و هەموو هیوایان بەو بوو، پێشمەرگەیێکی (گیلەکی) زمان بوو بەناوی "عەبباس" کە خەڵکی دەوروبەری رەشت بوو و کەسمان لەو مەلەوانتر نەبوو. هێنامان پشتوینمان لەناو قەدی بەست و ئەویش خۆی لەناوچۆم هاویشت. هەر ئەوەندەمان زانی بە فارسی هاواری کرد(منو بکشید بیرون) واتە رامکێشنە دەرەوە. کە ئەو برادەرەمان نەیتوانی بەبێ شتومەك لەو چەمەبدات، بە یەکجاری ناهومێد بووین. ناچار گەڕاینەوە دواوە بۆ شوێنی رۆژی پێشوومان بۆ ئەوەی ڕاوێژ و تەکبیرێکی تر بکەین و بوار و شوێنێکی تری پەڕینەوە دەست نیشان بکەین. هەر بۆیە بۆ مانەوە تا رۆژی دوایی حەشارگەیێکی باشمان دۆزیەوە و رۆژی دواتر هەر بە روناکی لەنزیك گوندی کانی سپی کە مەقەری جاش و پایەگای بەسیجی لێ بوو لەجادە نزیك بووینەوە. پیاوێکی خەڵکی گوندەکە کە لەنزیکمان بوو بانگمان کرد و دوای خۆ پێناساندنمان داوامانن لێکرد کە بۆ پەڕینەوە یارمەتیمان بدا و بوارێکی باشمان نیشان بدات. لوەلام دا بە روویەکی گەشەوە فەرمووی بەچاوان، ئەوەی بە من بکرێت بۆتان ئامادەم. وەك ئەو دڵسۆزە بۆی باسکردین کە زۆر جاران لەو بارەوە یارمەتی پێشمەرگەی هەموو حیزب و لایەنەکانی تریشی داوە. ئەی ووت: ئەگەر مرۆڤ شارەزای دەراو و بواری ئەو چۆمە نەبێ ناتوانێ هەر وا بە ئاسانی بەشەو لێی بپەڕینەوە. سەرتان نەهێشێنم مامەی دڵسۆز و چاوساغ پێشمان کەوت و لەتەنکاوێکەوە پەڕاندینیەوە کە ئاوەکە تا سەر سینگمان دەهات. لەدڵی خۆم دا دەمووت: ئەگەر ئەو پیاوەمان لێ هەڵنەکەوتایە دەبوو هەموو جەولەکەمان لەدەور و بناری قەندیل بەسەر ببردایە. لێرەش دا قسەیێکی سەیر و خۆشتان بۆ بگێڕمەوە: کە ئەوبەر چۆمەکە کەوتین و هەموو پێشمەرگەکانمان بەسەر کردەوە بۆ ئەوەی بزانین هەموو هاتوون، لەو کاتەدا چەند کەس لەپێشمەرگەکان هاتنە لام و ووتیان ئەرێ فلان کەس بۆمان هەیە سەدەقەی سەری خۆمان کە بیمزەڕەت لەو چەمە پەڕینەوە، پوولێك بدەین ئەو پیاوە؟ منیش دەستم نەخستە رێگایان، زۆریان هەوڵ لەگەڵ دا، ئەو مرۆڤە دڵسۆز و دڵپاکە قەبوولی نەدەکرد و ئەوانیش بەزۆر بەسەریاندا بڕی و پاشان ماڵئاوایی لێکردین و رۆیشت کە من لێرە جارێکی تریش سپاسی دەکەم و سلاوی بۆ دەنێرم و هیوادارم کە بەسەربەرزی و تەندروستی لەژیاندا مابێ. ئەو کەسانەی کە لەگەڵ بوون رەنگە لەبیریان مابێ کە پێم ووتن یەکی سەد تەمنتان دا کە ئەمبەر کەون، بەسەری من دوایە یەکی هەزار تمەن دەدەن بۆ ئەوەی کە ئەوبەر کەونەوە. دوایەش تووشی ئەو بەزمە دەبینەوە. دوای ئەو باس و خواسانە بەرێ کەوتین و چوینە دەوروپشتی ئاوایی "گولەك" لەبەرئەوەی کە نابەڵەد بووین خۆمان لەخەڵك ئاشکرا نەکرد تا رۆژی دوایی نزیك نێوەرۆ، پێش نێوەرۆ چووینە ئاوایی و بەعادەتی خۆمان دامەزراین و ئەو رۆژە لەوێ ماینەوە. شەو درەنگانێك بۆ درێژەدان بە جەولەکەمان بەرەو ناوچەی زمزیران بەو کێوانەدا رێمان بڕی و دوای رێپێوانێکی زۆر گەیشتینە دەوروپشتی زمزیران. لەبەر ئەوەی کە مۆڵگەی دژمن لەتەنیشت ئاوایی بوو، لەبەر پاراستنی سەروماڵی خەڵکی گوندەکە و بەرگرتن لەرووداوی ناخۆش، تا تاریکان داهات نەچووینە ناو گوندەکە، پاشان کە چووینە ناو ئاواییەکە خەڵك بە پێشوازیمانەوە هاتن و دەستەدەستە دامەزراین و دوای حەسانەوە و نان و چایی خواردن، پێشمەرگە و گەنجانی ئاوایی کەوتنە قسەوباس و هەواڵپرسی، خەڵکی زمزیران بەگشتی سازمانی خەباتیان خۆش دەویست و چەندین کەسیان لەهێزی سەردەشتی سازمانی خەباتدا پێشمەرگە بوون. تا سەعات ٢ی شەو لەوێ ماینەوە و دوایە بەرەو ئاوایی سارتکێ و ناوچەی سیسێر و نستان وەرێ کەوتین، کە گەیشتینە سارتکێ زۆری شەو نەمابوو و بە باشمان زانی خۆمان ئاشکرا نەکەین. بە تایبەت کە لەگوندی سارتکێ مۆڵگەی دژمنی لێ بوو. بەناو ئاوایی دا تێپەڕ بووین و زۆر زۆر لەئاوایی دوور نەکەوتینەوە، لەبەر هیلاکی خۆمان لێ بەعەرز دادا و خەوتین. دوای ماوەیێکی کەم رۆژ بۆوە کە تەماشای دەوروبەری خۆمانمان کرد لەچەند سەد میتری پایەگای دژمن خەوتبووین بە شێوەیێك کە نیگاهبانی پایەگایەکە لەنزیکمان دەهات و دەچوو. هەر بۆیە بە پەلە کەوتینە خۆ و بارگە و بنەمان پێچایەوە و خۆمان بە هەر شێوەیێك بێت دوور خستەوە، وابزانم نیگەهبانی پایەگاکە هەستیان پێ کردبووین. دوای حەسانەوە هەڵکشاین بۆ کۆخەکانی پشتی سارتکێ بۆ نزیك ئاوایی نستان. ماوەی ٢ رۆژان لەو ناوچەیە ماینەوە. بەشەو بۆ ناو ئاواییەکانی سارتکێ و قوڵەسۆر و بە رۆژیش بۆ پشتی ئەو ئاواییانە. لەبەر ئەوەی کە چەند پێشمەرگەی ئەو ئاواییانەمان لەگەڵ دابوون، لەوێ ئیتر حاڵ و وەزعمان برێك باشتر بوو. ئەو جار بەرەو تاوڵ و رەشماڵەکانی کوێستانی بەینی سیسێر و نستان و زاواکێو سەرکەوتین و لەوێش ماوەیێکی باش ماینەوە. زۆر خۆمان لەقەرەی شەر نەدەدا، مەگەر بۆ بەرگری لەخۆمان و لەرووی ناچاری، چونکە پێمان سپێردرابوو کە پێش هەموو شتێك لەناوچەکە خۆمان پێشانی جەماوەر بدەین و سەردانی رێکخستنەکان بکەین و بۆ دامەزراندن و هۆنینەوەی شانەی تازە تێبکۆشین. لەهەموو ئەو ناوچانەی کە پێیاندا هاتبووین، بەناردنی پەیامی رادیۆیی هەموو شانە و رێکخستنەکانمان لەشاروگوندەکان ئاگادار دەکردەوە کە بەهەر شێوەیێك بۆیان بکرێت، پێوەندیمان پێوە بکەن. کە بە خۆشیەوە لەو بارەوە کارەکانمان زۆر سەرکەوتوو بوو. لەهەموو بارێکەوە ئاگاداری جموجۆڵی دژمن بووین و هەر بەو هۆیەشەوە دەمانتوانی کۆبوونەوە لەگەڵ دۆست و ئەندام و لایەنگرانی خۆمان بکەین و ئەرکە سازمانیەکانیان پێڕاسپێرین، کە تاوڵەکانی سیسێرمان بە جێ هێشت بەرەو ناوچەی بانە شۆر بووینەوە و لەرێوە هاتینە گوندی سووتوو. لەوێ زۆر بەگەرمی لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی کراین و بە تەواوی بۆی حەساینەوە، دەمێك بوو لەو خەڵکە دڵسۆزە دوور بووین و هەردوو لا تامەزرۆی دیداری یەکتر بووین. تا ئێوارە لەوێ بووین و بۆ شەو چووینە بەردەڕەش، کە مۆڵگەی دژمن لەوبەر ئاواییەوە بوو. پێش ئەوەی کە بگەینە ئاوایی بەردەڕەش لەلایەن برادەرانەوە ئاگادار کرامەوە کە کەسێکمان بە ناوی عیسا دیار نییە و نازانین چی بەسەر هاتووە!. دیارە چەند رۆژ پێشتر عیسا لەگەڵ برادەرێکی تری پێشمەرگە دەمەبۆڵەییێکیان بوو. دوای ورد بوونەوە و لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەوت کە بەو هۆیەوە نارەحەت بوو و رویشتبوو خۆی تەحویل دابۆوە.

درێژەی هەیە....